# ڕەوشی خوێندن لای خوێندکارانی نابینا لە زانکۆی سلێمانی

توێژینەوەیەکەی چۆنیەتیە لە زانکۆی سلێمانیدا

د. ئارام تۆفیق حمە سعید
مامۆستا- زانکۆی سلێمانی

تەلار جلال رەسول
توێژەر – خوێندکاری ماستەر

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١١/٩

**پوختە**

نابینایی کاریگەرترین جۆرەکانی خاوەنپێداویستی تایبەتە، کە قورسایی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ دروست دەکات. بەتایبەت بۆ خوێندکارانی نابینا، کە لە دەستدانی هەستەوەری بینین، سەرچاوەیەکی گرنگی وەرگرتنی مەعریفە لەدەستدەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، زانکۆی سلێمانی لە هەر ئاستی خوێندنی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵادا خوێندکاری نابینای هەیە. لەم توێژینەوەیەدا، ڕەوشی خوێندن لای خوێندکارانی نابینا لە دیدی خوێندکارانەوە شیکاریدەکرێت. لەسەر سێ ئاستی گرفتەکانی فێربوون، گرفتە کارگێرییەکانی وەک هاتوچۆ و باڵەخانەکان و گرفتەکانی تایبەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی خوێندکاران لەگەڵ هاوپۆل و مامۆستاکاندا. توێژینەکە، توێژینەوەیەکی چۆنیەتیە. بە ڕێگای چاوپێکەوتن زانیارییەکان لە خوێندکارانی نابینا لە زانکۆی سلێمانیدا بۆ ساڵی خوێندنی 2024- 2025 کۆکراونەتەوە.

**کلیکە ووشە :** خاوەن پێداویستی تایبەت، نابینا، خوێندکاری نابینا، زانکۆی سلێمانی

## 101.پێشەکی :

هەستی بینین، یان ئەندامی (چاو) بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتیە، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگی وەرگرتنی زانیارییە،بە نزیکەیی (٨٠٪) ی کۆی زانیارییەکانە هەستەوەرەکانی مرۆڤ پێکدەهێنێت (Man, D., & Lochia, R., 2018). هەستی بینین جوانی ژیان و بیرکردنەوەو تێگەیشتن بە مێشکی مرۆڤ دەگەیەنێت. لەبەرگرنگی ئەم هەستەی مرۆڤ، لەدەست دانیشی کاریگەری زۆر لە ژیانی مرۆڤەکان دروست دەکات، بەڵکو بە کاریگەرترین جۆرەکانی لەدەستدانی ئەندامی جەستە، بە تایبەت هەستەکان دەژمێردرێت. بەتایبەت بۆ خوێندکار کە گرنگترین ئامرازەکانی فێربوون لە دونیای ئێستادا بریتیە لە بینین، لە زانیاری نووسراو لە کتێب و گۆڤارەکان، پاشان بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێربوون لە شاشە و مۆبایلی زیرەک و کۆمپیوتەر.

لەم ڕوانگەیەوە، لەم توێژینەوەیەدا باس لە چۆنێتی پرۆسەی خوێندنی خوێندکارانی نابینا لە زانکۆی سلێمانی دەکرێت، کە لە ئێستادا زانکۆی سلێمانی ١٤ خوێندکاری نابینا لە ئاستەکانی بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا هەیە. سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەی کە

sjh@univsul.edu.iq

زانکۆکانی جیهان و زانکۆی سلێمانیش بە خۆیانەوە بینیوە، بەڵام هێشتا ئاستەنگ و گرفتی زۆر لەبەردەم خوێندکارانی نابینا هەن، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیە بۆ دەرخستنی هەموو ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم خوێندکارانی قۆناغەکانی زانکۆ و پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆیان.

بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لەڕەوشی خوێندنی خوێندکارانی نابینا لە زانکۆی سلێمانی، کەتوێژینەوەیەکی مەیدانییە لەزانکۆی سلێمانی ئەنجام دراوە. گرفتەکانی خوێندکارانی نابینا لەسەر سێ ئاستی گرفتە ئیدارییەکان، گرفتەکانی هاتوچۆ و باڵەخانە و گرفتی فێرکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەدیدی خوێندکارانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، تیشکخراوەتەسەر ئاڵەنگاریەکان لەڕووی خزمەتگوزارییەکان کە زانکۆی سلێمانی بۆ خوێندکارانی نابینای فەراهەمکردووە. ئەم توێژینەوەیە بەتوێژینەوەیەکی شیکاری هەڵسەنگاندن دادەنرێت، کەپشتی بەمیتۆدی لێکۆڵینەوەی بار (دراسە الحالە) بەستووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لەسەرجەم خوێندکارانی نابینا وکەم بینەکان لەزانکۆی سلێمانی. لەسەر بنەمای شیکاری داتاکان، پێشنازی تایبەت بە گرفتەجیاوازەکان خراونەتەڕوو.

### 1.2.کێشەی توێژینەوە:

پرسی سەرەکی پەیوەست بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕەوشی خوێندن لەلای خوێندکارانی نابینا لە زانکۆی سلێمانی چۆن بکرێتە بابەتی توێژینەوەی زانستیانە لەپێناو دەرخستنی هەلومەرجە تایبەتی و گشتیەکانی خوێندکاری نابینا لەناو زانکۆی سلێمانیدا، کە ناوەندێکی فێرکارییە لە ئاستێکی باڵای خوێندندایە. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیەکە : نابینایی چۆن قورسایی دروست کردووە لەسەر هەنگاوەکانی پرۆسەی خوێندن لای خوێندکارانی نابینا؟ لە ئاستی ئەکادیمیدا لەبارەی چۆنیەتی ڕەوشی خوێندکارە نابیناکان لە پرۆسەی فێرکردن بەراوورد بە خوێندکارە ئاساییەکان و بەشداریان لە پرۆسەی خوێندندا. لە کاتێکدا، پۆل یان گرووپی خوێندن بۆ خوێندکارانی نابینا نیە و لەگەڵ خوێندکارە بیناکاندا دەخوێنن. لەپەیوەندیدا بەچۆنیەتی وانەوەرگرتن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان لە ڕوانگەی نابینایانەوە، سەرەڕای هەوڵ و گرنگیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی خوێندنی باڵا بۆ نابینایان و وەرگرتنیان وەك خوێندکار لە زانکۆ بەڵام لەگەڵ ئەمەدا ئامادەکاری و ئاسانکاری وەك پێویست بەدی ناکرێ بۆ دابینکرنی پێویستیەکانی خوێندنی نابینا و شێوازی خوێندنیان. لە پرسێکی دیکەی پەیوەست بە چۆنیەتی بونیاتنانی بینای زانکۆ، تاچەند ئەو تایبەتمەندییانە لەبەر چاو گیراون کە پەیوەستن بە مامەڵەکردنی خوێندکارانی نابینا لەناو بینای زانکۆ؟ هۆکاری نابینایی چۆن کاریگەری دادەنێت لەسەر خوێندکار لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە؟ میکانیزمەکانی تێپەڕاندن و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە چین؟ بۆئەوەی تێگەیشتنمان هەبێت بۆ ڕەوشی خوێندنی خوێندکارانی نابینا لەم توێژینەوەیەدا ئەم دۆخە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی شرۆڤەی دەکەین لە تێگەشتنی خوێندکارانی نابیناوە.

### 1.3.پرسیاری توێژینەوە:

سروشتی توێژینەوەی چۆنیەتی بریتیە لە پرسیارکردن لەبارەی دیاردەکەوە، و وەرگرتنی زانیاری وورد و قووڵ لەبارەی گۆڕانکاری چۆنیەتی دیاردەکەوە، بەمەبەستی زیادکردنی تێگەشتن و دروستکردنی مانا بۆ گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە. لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگای چەند پرسیارێکی سەرەکیەوە، کە لە خوێندکارانی نابینا و کەم بینایی کراوە، داتای چۆنیەتی وەرگیراوە. گرنگترین پرسیارەکان بریتین لە:

**یەکەم**: تاچەند ئامراز و ڕێگاکانی وانە ووتنەوەی زانکۆ گونجاوە لە گەڵ پێداویستیەکانی خوێندکارانی نابینادا؟

**دووەم**: ئایا ڕەچاوی ناوەرۆکی وانەکان کراوە بۆ خوێندکارانی نابینا؟ ئایا بابەتەکانی خوێندن ڕێگرن لە بەردەم تێگەشتنی خوێندکاردا، بەتایبەتی ئەو وانانەی کە پێویستی بە وێناکردن هەیە " وەک ئەو وانانەی بە زمانی ئینگلیزی،کۆمپیوتەرو وانەی ئاماری دەوترێنەوە"؟

**سێیەم**: ئایا هاتوچۆی ناو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆح چۆن ڕێکخراوە، ئایا ڕێگرییەکانی چین؟

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ژمارەیەکی تایبەت بە کۆنفرانسی ژینگەیەکی ئاسانکراو و کۆمەڵگەیەکی لە خۆگر

**چوارەم**: ئایا بیناى زانكۆ ئاسانكارى تێدایە بۆ خوێندكارى نابینا، لە ئاگاداركردنەوە و هاوەڵی نابینا و بەشە ناوخۆییەکان؟

**پێنجەم**: تاچەند نابینابوون گرفتی بۆ دروستكردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان دروست كردووە؟

**شەشەم**: ئایا خوێندكاری نابینا چۆن پەیوەندییەكانی لەگەڵ مامۆستا و بەشە كارگێرییەكان ڕێكدەخات؟

### 1.4. ئامانجی توێژینەوە:

1. دەرخستنی گرنگترین كێشەكانی بەردەم خوێندنی خوێندكارانی نابینا و كەم بینا لە زانكۆی سلێمانی.
2. دەرخستنی كێشەكانی بەردەم ئەنجامدانی پرۆسەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان و كارلێكی خوێندكارانی نابینا لەگەڵ خوێندكارانی دیكەی ناو زانكۆی سلێمانی.
3. هەڵسەنگاندنی ئامرازە فێركارییەكان لە وەرگرتنی زانیاریەكان و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاقیكردنەوەكانی خوێندكارانی نابینا.
4. دەرخستنی خزمەتگوزاریەكانی بینا و باڵەخانەی زانكۆی و ئاستەنگەكان لە دیدیی خوێندكارە نابیناكان.

### 1.5. گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەدات بە بابەتێكی گرنگ كە ڕەوشی خوێندنە لای گروپێكی خوێندكاری خاوەنپێداویستی تایبەت كە خوێندكاری نابینا یان كەم بینان،پرسی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە بایەخدانی زانستییە و كەڵەكەكردنی مەعریفەی زانستیە لەسەر بابەتەكە. هەڵبژاردنی توێژینەوەی چۆنیەتی بۆ كۆكردنەوەی داتای چۆنیەتی و شیكاریكردنی لە لای گروپێك لە خوێندكارانی پەیوەست بەدیاردەكەوە، گرنگیەكی تری توێژینەكەیە. لەبەرئەوەی، داتای چۆنیەتی توانای قووڵبوونەوە و شیكاری ووردی هەیە لەسەر بابەتەكە، بەتایبەتی كە لەلایەن نموونەی توێژینەوەكەوە، كە هەڵگری تێڕوانینێكی دەگمەن لەسەر بابەتی توێژینەوەكە، كە خۆیان پێیداتێدەپەڕن و گرنگترین سەرچاوەی داتان.

ئەم توێژینەوەیە گرنگە چونكە جەختی لەسەر دیاردەیەكی پەراوێزخراوی ناو زانكۆیە، لە تێڕوانینی خوێندكارە نابیناكان خۆیان لەسەر ڕەوشی وخوێندنیان بەگشتی توێژینەوە لە دیاردەكە دەكرێت لەسەر پرۆسەی فێركردن و خوێندنیان سەرەڕای كەمی توێژینەوەیەكی زانستی هاوشێوەی، هاندەر دەبێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا بۆ دەرخستنی ڕەوشی خوێندكارانی نابینا لەناو زانكۆی سلێمانی.

لە گرنگی مەیدانی: ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ زانینی ڕەوشی خوێندنی خوێندكارانی نابینایان لە زانكۆدا لەرێگەی ئەو ئەنجام و دەرئەنجامانەی بە دەستدێن، دەكرێت لەسەر ئاستی ئەم توێژینەوەیە ببێتە یارمەتیدەر لە گۆڕانكاری و ئاشنابونی زیاتر بە ڕەوشی نابینایان بۆ ساڵەكانی خوێندنیان لە زانكۆ، لە ڕێگەی خستنە ڕووی ئەو ئەنجام و ڕاسپاردانەی كە دەخرێنە ڕوو لەم توێژینەوەیەدا كە پلانی بەرەوپێش چوون و زیاتر ناساندنی خوێندكاری نابینا لە پرۆسەی خوێندنیاندا لەلایەن زانكۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵا توێژینەوەی زانستی و سەرۆكایەتی زانكۆی سلیمانی و سەرجەم ئەو بەشانەش كە خوێندكاری نابینا لەخۆ دەگرن.

## 2. چەمكی نابینا و خوێندكاری نابینا

پرۆسەی خوێندنی بەگشتی پرۆسەیەكی ڕێكخراو لە وەرگرتن و بەدەست هێنانی زانیاری بەتایبەتی لە ناوەندی قوتابخانە یان زانكۆدا" (قادر، ڕەمەزان ، 2018). چەمكی خوێندنی زانكۆیی لەم توێژینەوەیەدا وەك پرۆسەیەكی ئاڵوگۆڕ كاری كۆمەڵایەتی و مەعریفی و دەرونیەی خوێندكارانی نابینایە لە ناوەندی فێركردن و خوێندنی زانكۆی سلێمانی، لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە ڕەوشی خوێندن، پرۆسەیەكی زانستی فێركردن لەلایەن مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی وەكو دەزگایەكی فەرمی حكومەت بۆ كەرتی پەروەردەو فێركردن پێشكەش دەكرێت، خوێندكارانی نابیناش بەشدارن لەم پرۆسەیەدا بە خستنەڕوی شێوازی مامەڵە كردنیان لەكاتی بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەكە و وەرگرتنی زانیاریەكان و كارلێكردنیان لەگەڵ مامۆستاو خوێندكارانی زانكۆ، بەجیاوازی ڕەگەزی خوێندكارانی نابینا و

بەشداری کارایان لە پرۆسەی خوێندن.

چەمکی نابینا، وەک دۆخێکی کەم ئەندامی جەستەیی، لە پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ نابینایی ، نابینا ئەو کەسەیە کە هەموو تواناکانی بینینی لە دەست داوە. واتە بە هیچ شێوەیەك توانای بینین و درك پێکردنی ڕوناکی نییە ،یان نابینا ئەو کەسەیە لەلایەنی پەروەردەییەوە نەتوانێت چاوەکانی بۆ فێربون و دەستکەوتنی زانیاری و مەعریفی بەکار بهێنێت ، بەڵکو لە ڕێگەی کەناڵ و هەستەوەرەکانی بیستن و دەست لێدانەوە فێر دەبن ( قەرەچەتانی، کریم 2016. ل: 173). لە پێناسەی نابینا لەڕووی پەروەردەییەوە ، ئاماژەیە بەو کەسانەی کە بەتەواوی بینینیان لە دەستداوە، توانای فێربونی خوێندنەوەو نوسینیان نیە تەنها لەڕێگەی (برایل) یان بەگوێگرتن لە کاسێت یان ئامێری قسەکەر( کوافحة، تیسیر و عبدالعزیز ، عمر، 2003، ص83) .

هەروەها، نابینا ئەو کەسانەن بەشێوەیەکی تەواوەتی توانای بینینیان نیە بەگشتی یان تەنها هەست بە تیشکی ڕووناکی دەکات بۆ پرکردنەوەی پێویستیەکان پەنا ئەباتە بەر هەستەوەرەکانی تر لەپێناو پرۆسەی فێربوندا (الروسان،فاروق،1996، ص116) ،بەڵام کەسانی کەم بینا لەژێر ڕۆشنایی پێناسەی پەروەردەییدا، ئەوکەسانەن کەدەتوانن بخوێننەوە و بنوسن بەشێوازی ئاسایی بەڵام بەبەکارهێنانی چاویلکەی گونجاو یان بەکارهێنانی ئامرازی گەورەکەر(محمد، عادل، 2004 ،ص352 ). لەم توێژینەوەیەدا خوێندکاری نابینا ئەو خوێندکارانەن کە بەمەبەستی فێربون و وەرگرتنی زانیاریەکان ڕوودەکەنە ناوەندی خوێندنی زانکۆیی و کاریگەر دەبن لە پرۆسەی خوێندن، بەهۆی جیاوازی لە تایبەتمەندی بینین یان لەگەڵ خوێندکارە ئاساییەکان، ناتوانن سوودمەندبن لە خوێندن لە کۆلیژەکانی دیکەی زانکۆ، جگە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زمان، یاسا و زانستە ئیسلامیەکان ،هەروەها پێویستی هەبونی کەرەستەی تایبەت بەشێوازی مامەڵەکردن تایبەت بە چۆنیەتی خوێندنیان لە زانکۆدا تا بتوانن سەرکەوتو بن لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی بکالۆریۆس، ماستەر یان دکتۆرا.

### 3. توێژینەوەی هاوشێوە:

توێژینەوەی (کێشەکانی خوێندکاری نابینا لە زانکۆ) ، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەزانکۆی سلیمانی ، مامۆستا (پ.ی.د.شۆخان محمد حسین) لە سکوڵی زانسە مرۆڤایەتیەکان بەشی کاری کۆمەڵایەتی ئەم توێژینەوەیەی ئەنجام داوە بۆ ساڵی خوێندنی 2015-2016 ، ئەو ئامرزانەی کە توێژەر توێژینەوەکەی پێیە ئەنجام گەیاندون بریتیە لە فۆرمی چاوپێکەوتن و تێبینی کردن. ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی کێشەکانی خوێندکارانی نابینا لە زانکۆی سلێمانی، ئاشنابوون بە کێشەی کۆمەڵایەتی، دەروونی، خزمەتگوزاری، دارایی، خوێندکارانی نابینا بەجیاوازی پلەی بینین. لە ئەنجامێکی توێژینەوەکەدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە نابینای تەواو، کەم بینا کە دێنە زانکۆ سەرەتا ڕوبەڕوی کێشەی کۆمەڵایەتی وەك نەبونی هاوڕێ و نزیك بونەوە لە خوێندکارەکانی تر ، بەڵام ئەوانەی کەم بینن کەمتر ڕوبەڕوی ئەم کێشەیە دەبنەوە ، هەروەها لەڕوی ئەکادیمی و زانستیەوە لەناو پرۆسەی خوێندن لەو کێشە فێرکارییانەی کە ڕوبەڕوی خوێندکارانی نابینا دەبنەوە وەك نەگونجان و شیاوی هۆڵەکانی وانە ووتنەوە هیچ تایبەت مەندیەکی هۆڵەکانی خوێندن تایبەت بە نابینایان لەبەرچاو نەگیراوە، لەکێشەیەکی تری نابینایان لە زانکۆ کێشەی هاتووچۆ کردن بۆ خوێندکارانی نابینایە ، توێژەر لەم توێژینەوەیەیدا گەیشتوتە ئەو ئەنجامەی کە خوێندکاری نابینا سەرباری کێشەی کۆمەڵایەتی و فێرکاریەکانیش کێشەی دەرونی کە تیایدا خوێندکار لە هیچ کام لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆدا لەڕوی دەرونی یەوە هەست بە ئارامی و دڵنیایی ناکات .

### ٤. نابینایی لە ڕوانگەی تەندرووستیەوە و هۆکارەکانی نابینابوون

#### 4.1 . نابینایبوون لە ڕووی جەستەیەوە :

بێگومان هەستی بینین گرنگترین هەستەکانی مرۆڤە و نەبوونی دەبێتە مایەی دوورخستنەوەی مرۆڤ لەو پەنجەرەی وێنەو رەنگ و شێوەکانی لێ جیا دەکاتەوە، لێرەوە ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت لە دەستدانی هەستی بینین ئەگەری تێکەڵبوونی مرۆڤ لەگەڵ چواردەوری کەم دەکاتەوە، هەرچەندە بەشێك لەم بۆشاییە دەکەوێتە ئەستۆی بیستن و بەرکەوتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵی مرۆڤی نابینا لە گەڵ ژینگەی دەوروبەر لاواز دەبێت، و توانای وێناکردن و هاتوچۆکردنی سنوردار دەبن.

کۆئەندامی بینین لای مرۆڤ لە ئاستێکی ئاڵۆزیی بەرزدایە، بە گشتی پێکهاتووە لە چاو، چاویش ئامرازێکە بۆ وەرگرتنی تیشکی دەرەوە و گواستنەوەی وێنەکان لەشێوەی بروسکەی کارەبایی بۆناو مێشك کە لەوێ شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. چاو لەبەر ناسکی دەکەوێتە ناو بۆشاییەك لەناو کاسەی سەر لە شێوەی تۆپێك کە تیرەکەی دوو بۆ دوو و نیو سانتیمەتر دەردەکەوێت ، ئەم تۆپە کە تیرەکەی هێندە بچووکە پێکهاتووە لە چەند پێکهاتەیەکی گرنگ و ئاڵۆز کە هەموو پێکەوە کۆئەندامی بینین بەرێوە دەبەن (القمش, مصطفی و المعایطة, خلیل , 2007، ص109). پێکهاتەکانی چاو پۆلێن دەکرێن بۆ دوو گروپ، پێکهاتە دەرەکییەکان و ناوەکییەکان، پێڵو و برژانگ و برۆ سێ پێکهاتەی سەرەکی چاون کە لە دەرەوە کار دەکەن و ئەرکیان پاراستنی چاوە لە زەرەر و زیان، لە بەرامبەردا پێکهاتە ناوەکییەکان بریتین لە کۆرنیا، رەنگینە، زەرەبین، بیلبیلە، ماسولکەی برژانگ، ماسولکەکانی لاتەنیشت، تۆڕ، سپێنە، وێڵاشە ریشاڵی بینین، بەرگی وێڵاش، پەردەی سەرپێنە، شلەی بلوری (محمد، عادل، 2004 ،ص67 ).

کۆئەندامی بینینی مرۆڤ سیستەمێکی ئاڵۆزە، هەندێکجار زانا سەدەمیەکان دەیشوبهێنن بە کامێرا، لە راستیدا ئەم سیستەمە زۆر ئاڵۆزترە چونکە بەستراوە بە مێشکەوە، واتا چاو شەپۆلە رووناکیەکان وەردەگرێت ولە رێگەی هەستە دەمارەکانەوە دەیگوازێتەوە بۆ مێشك و لەوێ لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لەم پرۆسەدا، ژمارەیەکی زۆر لە خانە رۆڵ دەبینن ( الشامی, امیرة ,2010، ص42 ). دەتوانین بڵێین تەنە بینراوەکان رووناکیەك دەنێرن بۆسەر چاو، کۆرنیا ئەو رووناکیە وەردەگرێت و دەیگوازێتەوە بۆ بیلبیلە و لەوێوە بۆ زەرەبین، بە گوێرەی رووناکیەکە ماسولکەکانی چاو زەرەبین گەورەو بچووك دەکەن و رووناکیەکە بە ئاراستەیەك دەگوازرێتەوە پشتی تۆری چاو، لەوێ رووناکیەکە دەبێت بە تەزوی کارەبا و بە هاوکاری دەماری چاو تەزوەکان دەگوازرێنەوە بۆ مێشك، وەك دوا قۆناغ مێشك شیکاری بۆ تەزوە کارەباییەکان دەکات و بە بەراورد بە ئەزمون و خەیاڵ تێگەشتنێك دروست دەبێت (الزریقات, ابراهیم,2006، ص69).

کەواتە، پێناسەی یاسایی (پزیشکی) بۆ نابینایی بوون جەخت لە تیژی بینین دەکاتەوە کە دەڵێت منداڵ نابینایە ئەگەر هاتوو تیژی بینینی لە 200/20 کەمتربوو یاخود ئەگەر هاتوو بواری بینینی 20 نمرەی تێنەپەڕاند، بە مەرجێك پێشتر رێوشوێنی راستکردنەوەی بینینی بۆکرابێت وەك بەکارهێنانی زەڕەبین و چاویلکەی پزیشکی و نەشتەرگەری. هەر لە روانگەی یاساییەوە کەم بینایی بوون (چاوکزی) بریتیە لە تیژی بینین لەنێوان 70/20 – 200/20 (الخطیب, جمال، 2008،ص15). بەڵام، پێناسەی پەروەردەیی بۆ نابینایی بوون پێشنیازی زانا هارلی بوو، بەبۆچوونی ئەم زانایە کەسی نابینا ئەو کەسەیە کە ئاستی نەبینینی دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم خوێندنەوە بەپێی رێچکەی برایل. پێناسەی پەروەردەیی بۆ چاوکزی ئەوەیە کە ئامرازەکانی گەورەکردن بەکاربێن بۆ خوێندنەوە ( القمش, مصطفی و المعایطة, خلیل , 2007، ص١١٢).
کەواتە، دوو جۆرن؛ نابینایی بوون و چاوکزی، نابینایی بوون ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەتەواوی هەستی بینینیان نییە، واتا لە تاریکاییەکی تەواودا دەژین، وەك لە هەردوو پێناسەی نابینایی بوون لە روانگەی پزیشکی و پەروەردەییدا ئاماژەیان بۆکراوە کە دەکرێت کەمێك بینینیان هەبێت، بەڵام توانای جیاکردنەوەیان نەبێت. لەبەرامبەردا چاوکزی کە زۆربەی کات پێش تەمەنی پێنج ساڵی و هەندێك جاریش دوای ئەو تەمەنە دروست دەبێت ئەو کەسانە دەگرێتەوە هەندێك توانای بینینیان هەیە کە دەتوانن کەڵکی لێوەرگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن بێ بەکارهێنانی پرایل خوێندن و نووسین ئەنجام بدەن .کورتبینی، بەو کەسانە دەوترێت کە توانای بینینی شتە دوورەکانیان نییە، بۆ ئەم جۆرە کەسانەش چاویلکەی پزیشکی چارەسەرە. درێژبینی پێچەوانەی کورتبینی یە، واتا بەو کەسانە دەوترێت کە توانای بینینی شتە نزیکەکانیان نییە.

ئەستیگماتیزم، کاتێك دروست دەبێت کە کۆرنیا یان زەرەبین ناتوانن هەموو رووناکیەکان ئاراستەی تۆری چاو بکەن، واتا بەشێك لە رووناکیەکە دەکەوێتە بەردەم تۆری چاو و بەشەکەی تر دەکەوێتە پشت تۆری چاو کە ئەمەش گرفت دروست دەکات لەکاتی نووسین و خوێندنەوە، لەدەستدانی کۆنترۆڵی ماسولکەکانی چاو کە بەرپرسن لە جووڵەی تۆپی چاو دەبێتەهۆی جۆرێکی تر لە گرفتی چاو کە ناسراوە بە خێلی (قەرەچەتانی، کریم 2016. ل: 179). لەسەر ئەم بنەما زانستیانەوە، لە توێژینەوەکەدا، خوێندکارانی نابینا و کەمبینا وەرگیراون، واتە ئەو خوێندکارانەی کە توانای نووسین و خوێندنەوەیان نیە، یان دیاریکراوە کە پێویستیان بە یارمەتیدەر هەیە بۆ نووسین، هەروەها بەشە زانستیەکانیش وەک نابینا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن.

### 4.2. هۆکارەکانی نابینابوون:

کۆئەندامی بینین، پێویستە بەگشت پێکهاتەکانیەوە بەڕێکی وپێکی کار بکات تاکو چاو بتوانێت ئەرکەکانی بگەیەنێت ، لەم سۆنگەوە ئەگەر پێکهاتەکانی چاو وەك پێویست کاریان نەکرد، یاخود پەیوەندی نێوان چاو و مێشك وەك پێویست نەبوو، نابینایی دروست دەبێت، بێگومان هۆکارەکان زۆرن بۆ نابینایبوون. سەرچاوەکانی دروستبوونی نابینایی جیاوازن، هەندێك جار نابینایی پێش لەدایکبوون دروست دەبێت، چ ئەگەر بەهۆی توشبوونی دایك بە نەخۆشیەکەوە بێت یاخود دەستی بۆماوەیی تێدابێت، هەندێکجاریش نابینایی لەکاتی لەدایکبووندا دروست دەبێت، کاتێك برێکی زیاتر لە پێویست لە ئۆکسجین دەگات بە منداڵە لەدایکبووەکە، وە هەندێکجاریش نابینایی دوای لەدایکبوون دروست دەبێت چ بەهۆی بەدخۆراکی یان نەخۆشی یان ڕوداوەوە بێت، بە گشتی فاکتەرەکانی نابینایی بوون یان بۆماوەیین یان ژینگەیی (قەرەچەتانی، کریم 2016. ل: 179).

لە گرنگترین هۆکارەکانی پێش لەدایکبوون بریتین لە هۆکارە بۆماوەیی و ژینگەییەکان کە دەتوانن کاریگەری لەسەر کۆئەندامی مێشك و هەستەکان بە گشتی بکەن، وەك جینەکان، بەدخۆراکی، توشبوونی دایکی دووگیان بە تیشکی سینی، و دەرمان، و نەخۆشی گوازراوە کە ئەمانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ نابینایی دروست دەکەن. لە بەرامبەردا، فاکتەرکانی پاش لەدایکبوون ئەو فاکتەرانەن کە کاریگەریان هەیە لەسەر گەشەکردنی هەست و ئەرکی بینین، بەرچاوترینیان فاکتەرە ژینگەییەکانن وەك بەساڵاچوون، بەدخۆراکی، ڕووداو، نەخۆشی، کە ئەمانیش بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ نابینایی دروست دەکەن. کورتبینی، درێژبینی، نارەحەتی سەرنجدان، لەدایکبوونی منداڵ بە نابینایی تەواو یان ڕێژەیی، هەموو ئەمانە نمونەن لەسەر فاکتەرەکانی پێش لەدایکبوون، لە کاتێکدا توشبوونی چاو بە ئاوی سپی، ئاوی رەش، هەوکردنی پەردەی سەر سپێنە، وشکبوونی پەردەی سەر سپێنە، تێکچوونی تۆری چاو بەهۆی نەخۆشی شەکرە، هەوکردنی رەنگینە یان کۆرنیا و فاکتەرەکانی تر هەموو نمونەن لەسەر قۆناغی دوای لەدایکبوون. کەواتە، هۆکارەکانی نابینابوون دەکرێت فاکتەری جەستەیی بن، وەك رەشی زەرەبینی چاو لەکاتی لەدایکبوون، یان دەکرێت بۆماوەیی بن کە کاریگەری گشتی یان ڕێژەیی دروست دەکەن، یان هۆکارەکە تۆری چاوە، چ کورتبینین بێت یان درێژبینین. هەندێکجاریش هۆکارەکان کیمیاوی یان ماددین. جگە لەمانەش، هۆکاری ژینگەیی تر هەیە بۆ نابینایی بوون وەك کەمبوونی ڕێژەی فیتامینی أ و فیتامینی ب و فیتامینی ج لەگەڵ نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و پیسبوونی ئاو و پێشتگوێ خستنی پاکردنەوەی چاو، یان بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس و نەخۆشی، یان بەکارهێنانی کەل و پەلی کەسانی تر. بەپێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەکرێت نابینایی بوون بەهۆی نەخۆشیەوە دروست بێت، بۆیە دەتوانین لە ڕێگەی ئاشنابوون بە هۆکارەکانەوە ڕێگری لە نزیکەی 80% لە حاڵەتەکان بکەین (محمد، عادل، 2004 ،ص92).

یەکێکی تر لە هۆکارە باوەکانی نابینایی، بریتیە لە دروستبوونی ئاوی سپی چاو، ئەویش بە تیپەربوونی کات وردە وردە توانای بینین قورس دەکات و بە تێپەربوونی کات نابینایی تەواو دروست دەکات. هۆکار زۆرن بۆ دروستکردنی ئاوی سپی وەك بەساڵاچوون، تیشکی خۆری زۆر، گەرمای زۆر، ئەم گرفتەش بە نەشتەرگەری و دانانی عەدەسە چارەسەر دەبێت. یەکێکی تر لە گرفتەکانی چاو کە دەبێتەهۆی نابینایی

بوون دروستبوونی ئاوی رەشە، ئەم جۆرە بە زیادبوونی پەستان لەسەر تۆپی چاو دروست دەبێت، بۆیە ئەگەر بە زووترین کات چارەسەر نەکرێت چیتر خوێن ناتوانێت بگاتە دەماری چاو، بێگومان ئەمەش دەبێتەهۆی لەدەستدانی هەستی بینین. گرنگترین هۆکاری دروستبوونی ئاوی رەش بریتیە لە فاکتەری بۆماوەیی و بەساڵاچوون، چارەسەرکردنی ئەم جۆرەش بە نەشتەرگەری و لیزەر ئەنجام دەدرێت (الروسان،فاروق،1996، ص155).

نەخۆشی شەکرە هۆکارێکە بۆ نابینایی بوون چونکە کەسی توشبوو بە شەکرە رێژەیەکی شەکری بەرزی هەیە لە خوێندا، بەرزبوونی ئەم رێژەیەش زیاتر دەگەرێتەوە بۆ لاوازی هۆرمۆنی ئەنسۆلین. نەخۆشیەکانی تۆری چاو بە گشت جۆرەکانیەوە هۆکارن بۆ نابینایی بوون. لەکاتی لەدایکبوونی منداڵ ئەگەر رێژەی زیاد یان کەم لە پێویست ئۆکسجین بدرێت بە منداڵ زەرەبینی چاو یان بەشەکانی پشت زەرەبینی چاو توشی زیان دەبن و لە ئەنجامدا نابینایی دروست دەبێت. هەوکردنی چاو ئەگەر درێژخایەن بێت زیان دەگەیەنێت بە کۆرنیا و رەنگینە و پەردەی سەر سپێنە و بە تێپەربوونی کات ئەگەر چارەسەر نەکرێت نابینایی دروست دەکات.

### 5. کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی نابینایی

مرۆڤی نابینا، پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری سنوردارە. لە ئەنجامدا ئەزمون و شارەزایی دەربارەی ژینگەی دەوروبەری سنوردار دەبێت و زۆرێك لەو راستیانەی پێویستی بە هەستی بینینە لای ئەم شاراوە دەمێننەوە، لەم روانگەوە دەکرێت بڵێین نابینایی بوون کەسایەتی مرۆڤی نابینا دەگۆرێت و ئەزمونەکانی سنوردار دەکات و ئاستی کارلێکە کۆمەڵایەتیەکانی سنووردار دەکات. مرۆڤی نابینا لەناو دوو جیهاندا دەژی، جیهانێك تایبەت بەخۆی، لەم جیهانەدا بە یارمەتی هەستەکانی تری و لە تێگەشتنی خۆیەوە وێنای دونیا دەکات، و لە جیهانی دووەمدا هەوڵ دەدات لەو دونیا تێ بگات کە مرۆڤە چاو ساخەکان تێیدا دەژین، بۆیە هەست و هۆشیاری مرۆڤی نابینا زۆربەی کات پرژ و بڵاون، ئەم هاتوچۆیە لەنێوان ئەم دوو جیهانەدا متمانەی بەخۆی کەم دەکات و زۆربەی کات لە دڵەراوکێ و نا ئارامیدایە .

لە سەرەتای نابینایی بوون پرۆسەی گەشەکردنی ژیری هیچ کەموکورتیەکی پێوە دیار نییە، بەڵام بە تێپەربوونی کات کاریگەریەکەی دەردەکەوێت چونکە مرۆڤ بە سروشت پێویستی بە ئەزمونی تازەیە بۆ فراوانکردنی بازنەی تێکەڵبوونی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری. لەراستیدا پێوانەکردنی ئاستی ژیری نابینا کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەت لە روانگەی ئەوەی پێوانەکان ناتوانن بە وردی جێبەجێ بکرێن بەسەر نابیناکاندا، بە گشتی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن جیاوازیەکی گەورە بەدی ناکرێت لەنێوان نابینا و چاوساخەکان لە ڕووی ژیریەوە (اسماعیل, نبیة, 2006, ص 48). لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی نابینا زانیاری کەمتری هەیە لەسەر ژینگەی دەوروبەری و لە هەمان کاتدا توانای وێناکردنی کەمترە بەراورد بە کەسی چاو ساخ، بێگومان ئاست و جۆری نابینایی بوون کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی مێشك و ژیری، واتا ئەگەر کەسەکە تەنها چاوی کزبوو، ئەوا دەتوانێت سوود لەو بینینە کەمە ببینێت و ئەزمونی پێ دروست بکات .

لەلایەکی ترەوە، زمان زیاتر پەیوەندی بە هەستی بیستنەوە هەیە، بۆیە لەدەستدانی هەستی بینین کاریگەر گەورە دروست ناکات لەسەر زمان و توانای زمانەوانی، بۆیە کەسی نابینا زمان وەك ئامرازێك بەکاردێنێت بۆ فراوانکردنی سنوری پەیوەندیەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کاریگەری هەیە لەسەر فێربوونی زمان بە تایبەت لە قۆناغەکانی دواتر ئەم کاریگەریانە دەردەکەون، بۆ نمونە، کەسی نابینا ناتوانێت جووڵەی لێو و دەموچاو ببینێت کە ئەمەش بەشێکە لە فێربوونی زمان، سەرەرای ئەوەش، بۆ تێگەشتن لە هەندێك چەمکی زمانەوانی، مرۆڤی نابینا لە دیدی چاوساغەوە پێناسەیان دەکات و لێیان تێ دەگات، بە تایبەت ئەو چەمکانەی پەیوەندیان بە رەنگ و خێرایی و ڕووبەر (الروسان،فاروق،1996، ص159).

لە ڕووی ئەکادیمی و خوێندنیشەوە، نابینایی بوون کاریگەری جیاوازی هەیە لەسەرخوێندن، هەرچەندە ئەم کاریگەرەیە لە بوارێکی خوێندنەوە بۆ بوارێکی تر جیاوازە، بە تایبەت لەبواری ژمێریاری و ئەندازیاری ئاستی کاریگەرەیەکە زیاتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، خوێندکاری نابینا دەتوانێت بخوێنێت و قۆناغەکان ببڕێت، بەڵام ناتوانێت سوود لە شێوازەکانی خوێندن و ئامرازە فێرکاریەکان وەربگرێت. بە گشتی نابینایی بوون کاریگەری هەیە لەسەر خوێندن، لەگەڵ ئەوەشدا جۆر و ئاستی نابینایی بوون ئاستی کاریگەرەیەکە دەگۆرێت، بۆنمونە کەسێك بە تەواوی نابینا بێت دەتوانێت تەنها بە پشت بەستن بە هەستی بیستن و بەرکەوتن خوێندن بکات، لە کاتێکدا کەسی چاوکز دەتوانێت سوود لە چاوەکزەکەی ببینێت و بە یارمەتی چاویکلە و هاوکاریەکانی تر ئاسانتر خوێندن بکات ، لە ڕووی ئەکادیمیەوە مرۆڤی نابینا بێ بەشە لەو زانیارانەی بەشێوەی ئاسایی و بێ بەکارهێنانی برایل نووسراون، تەنها ڕێگەش بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەمە، وەرگرتنی ئەو زانیاریانەیە بە شێوەیەکی دەنگی و تۆمارکراو.

**٦. پێداویستیەکانی خوێندن لای خوێندکاری نابینا**

خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان بەگشتی، و توێژی نابیناش بەتایبەت وەك هەر كەسێكی تری چاوساغ مافی ژیان و دابین كردنی پێویستی یەكانی هەیە، تەنانەت لەئێستادا سەرباری هەر گرفت و زەحمەتییەكی فێربونیان لەكۆمەڵگادا، لەڕووی بەکارهێنانی چەمکی نوێ بۆ کەسانی نابینا گرنگی تایبەتیان هەیە لەوانە ئەدۆڵف کوسماوڵ (Adolph kussmaul) گرنگی بەچەمکەکانی ووشەی کوێری(عمی الكلمه)یان کوێری تێکست (عمی النص)کەلەئێستادا بەئەو چەمکە دەوترێ زەحمەتی یەکانی خوێندنەوە لەپەروەردەی تایبەت دا ئەم چەمکە لە بەش و دیاردەکانی زەحمەتی یە کانی فێربون. (قەرەچەتانی، کریم 2016. ل: 13). سەرباری هەرئاستەنگ و زەحمەتی یەك كەرووبەرووی كەسانی نابیناو چاوكز دەبنەوە بەڵام ئەم دۆخەیان ڕێگر نابێت لەبەشداری كاراو چالاك لەژیانی ڕۆژانەو پەروەردەو فێركردن و پرۆسەی خوێندنی كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەگشتی و نابیناش بەتایبەت ،بۆ ئاوڕدانەوە لە خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان لەهەرێمی کودستان، پێویستی بوونی یاسایەکی هاوچەرخ وسەبارەت بەخاوەن پێداویستی یە تایبەتەکان دەربکرێت لەهەرێمی کوردستان و بەیاسا مافەکانیان بچەسپێنرێت،لە کاتێکدا یاسایەک هەیە پەیوەست بە (مافی پەروەردەوفێرکردن)، دەقی ئەو یاسایە بەهەوڵی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وپەرلەمانتاران هاتە بەرهەم، ئەمە یەکەم یاسایە کە دەرچوبێت لە بارەی خاوەن پێدویستی تایبەت، نابیناش دەتوانێت سودمەند بێت لەم یاسایە. لەپەرلەمانی کوردستان لە (2011/12/31) یاسای ژمارە (22)ی دەرکرد بەناونیشانی (ماف و ئیمتیازیاتی کەمئەندام و خاوەنپێداویستی یە تایبەتەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراق.

یەکێک لەڕێگا باوەکانی خوێندن لای خوێندکاری نابینا بریتیە لە ڕێگای برایل(Brail) بریتییە لەسیستەمی پیتە نەخشێنراوەکان بۆ خوێندنەوەو نوسین، بەناوی داهێنەرەکەی (تور لویس برایل)ەوە لە ساڵی 1809 لەفەرەنسا ناونراوە. تایبەتە بە کەسانی نابینا لەڕێگای دەست لێدانەوە بابەتە چاپکراوەکان دەخوێنرێتەوە. لەشێوەی خاڵی کوتراوو بارزدایە کە نابینا لەڕێگەی دەست لێدانەوە دەتوانێت بیانخوێنێتەوە (الروسان،فاروق،1996، ص112).

لە ئێستا، لەهەموو وڵاتانی جیهان بۆ فێرکردنی نوسین و خوێندنەوەی نابینایان بەکاردەهێنرێت، لەبەر گرنگییەکەی بۆ نابینایان، چەندەها چاپخانەی گەورە بۆ چاپکردنی کتێب و بڵاوکراوەکان بەزمانی برایل دامەزراون و سڵانە هەزاران کتێب لەهەموو جیهان بۆ خزمەتی نابینایان بەچاپ دەگەیەنرێت.بەڵام، لە هەرێمی کوردستان لەسەرجەم ناوچە جیاجیاکانی دا بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە هەر لەقۆناغی بنەڕەتیدا کاری پێدەکرێت. تەنانەت لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆییدا هەوڵ نەدراوە سوود لەم شێوازە وەربگیرێت بۆ خوێندن و نوسین بۆ خوێندکارانی نابینا.

یەکێکی تر لە ئامێرەکان فیرسابریل ،ئامێری گۆڕینی نوسینەکان بەڕێگای برایل بۆدەنگەکان. ئەوئامێر و ئامرازانەی کەنابینا و کەمبیناش لەهەمان کاتدا سودی لێوەردەگرن وەك پێویستی خوێندن ڕێگاکانی تایلر. کەیەکەمین ڕێگایە کەنابینا بەهۆیەوە فێری ژمێریاری و بیرکاری دەبێت پێکهاتوە لە تابلۆیەکی کانزایی کە پرۆسە بیرکارییەکانی پێجێبەجێ دەکرێت (محمد، عادل، 2004 ،ص137). هەروەها، ڕێگای ئوبتکون Option ئامێرێکی ئەلکترۆنییە بەکاردێت گۆڕینی وشە نوسراوەکان بۆ شێوەی دیار تا بتوانرێت ووشەو پیتەکان لەڕێگەی دەست لێدانەوە. هەروەها بەکارهێنانی هۆکارە یارمەتیدەرەکانی تری وەك زەرەبین (عەدەسە)، چاویلکەی پزیشکی،ئامێری تۆمار کردنی دەنگەکان،سەرەڕای ئەمانەو چەندیە ئامێری دیکەی وەك چاپکردن بەڕێگای برایل، ئامێری کۆمپیوتەری دەنگدار ،فەرهەنگی زمانی دەنگدار بەکاردەهێنرێن. هەروەها، ڕێگەی تسجيل (تۆمارکردن بەکاسێت) کەخوێندکاری نابیناو چاوکزیش وەك ڕێگایەکی خێراو ئاسان سودی لێوەردەگرێت بۆتۆمارکردنی گفتوگۆو وەرگرتنی زانیاری یەکان لەکاتی وانەکانی خوێندن دواتر سودلێوەرگرتنەوەیان و لەبەرکردنیان بۆکاتی تاقی کردنەوەکان. ( عبيد، ماجدة ، 2017، ص 348)

لەئێستادا لەسەارجەم قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و هەتا قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیش ڕێگەی تۆمارکردنی دەنگ باوترین ڕێگەیە کەخوێندکار بەکاری دەهێنێت بەهۆی خێرایی و ئاسانی لەبەکارهێنانیدا بەراورد بە ڕێگای برایل ،کەکاتی زۆری پێویستە بۆنوسین و خوێندنەوە.

لە گرنگترین گرفتە فێرکاریەکان کە ڕووبەڕووی خوێندکارانی نابینا دەبنەوە، بریتییە لە کەمی خوێندنگای تایبەت ، ئەمە وادەکات یان بێبەش بکرێت لەخوێندن یاخود بەبێ هیچ جۆرە چاودێرییەك بنێردرێتە خوێندنی ئاسایی، ،کاریگەری دەبێت لەسەر توانای فێربون و وەرگرتنی وانەکان وبەشداری کردن لەچالاکی یەکاندا. هەروەها، کەمی کتێبە چاپ کراوەکان بەنوسینی برایل، کێشەی کەمی ئامرازە فێرکاری یەکان و ئەو ئامێرانەش کە ئەتوانێت یارمەتیدەربن بۆ قەرەبووکردنەوەیان. گرفتە فێرکاری یەکان لایەنی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان پەیوەندیدارە بە دامەزراوە فێرکارییەکان وەکو زانکۆ و خوێندنگەکان، هەندێکیان پەیوەستن بە بەرنامەی پەروەردە و فێرکردن. هەندێکی تر پەیوەستە بە ئاراستەی کۆمەڵایەتی وکەسە نزیکەکان لە دەوروبەری خوێندکاری نابینا، یان دەستە و ئەندامانی ئیدارەی خوێندن لە هەموو ئاستە جیاوازەکان لە زانکۆ.

**7. میتۆدۆلۆژیی توێژینەوە:**

**7.1. میتۆدی توێژینەوە :**

جۆری ئەم توێژینەوەیە شێوازی چۆنێتیە، بەواتای مامەڵە کردن لەگەڵ هزرو بۆچونەکان نەك لەگەڵ ژمارە، لەبەر ئەوەی هۆکارێك نیە بۆ پێوانەکردنی حاڵەتی نابینایان بۆیە توێژەران لەڕێگەی خستنەڕووی زانیاریەکان لەدیدی خوێندکارانی نابینا خۆیانەوە ئەنجام دەدات. شێوازی چۆنێتی زانیاریەکانی لەڕێگەی تێبینیکردنی شێواز و ڕەفتاری لێتوێژراو و چاوپێکەوتن بەشێوازی پرسیاری کراوە، واتا تیایدا وەڵام دەستنیشان نەکراوە ، بەسود وەرگرتن لە میتودی لیکولینەوەی بار (Bryman, A, 2012 ). میتودی لێکۆڵینەوەی بار ، یان بەفەرەنسی میتودی مۆنۆگرافی، واتە وەسفکردنی بابەت و بارودۆخی تاکی پێدەگوترێت، لێکۆڵینەوەی بار ڕێبازی گشتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەنوێنێت، ئامانجی دەست کەوتنی بڕێکی گەورەیە لە داتای جۆربەجۆر و وورد و قوڵ دەربارەی ئەو دۆخە، جا تاك بێت یان کۆمەڵ یان دامەزراوە یان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی( بۆکانی، سابیر، 2007، ل104) .

**7.2. ئامارازەکانی کۆکردنەوەی داتا:**

لەم توێژینەوەیدا، لە ڕێگای چاوپێکەتنی نیمچەکراوەوە داتاکان کۆکراونەتەوە. خوێندکارەکان لە ڕێگای بینینی ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگای تۆمارکردنی دەنگیەوە، پرسیارەکانیان بۆ خوێندراوەتەوە، پاشان وەڵامەکان تۆمار دەکرێن و دەنووسرێنەوە بۆ شیکاریکردن.

**7.3. کۆمەڵگا و نموونەی توێژنەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لەسەرجەم خوێندکارانی نابینا لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی 2024-2025، لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، کۆلیژی زمان، کۆلێژی یاسا و کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکانن.

نموونەی توێژینەوەکە، بریتن لە خوێندکارانی نابینا و کەمبینا لە زانکۆی سلێمانی. لەبەرئەوەی لیستی ئامادەکراو لەناوی خوێندکارانی نابینا نیە لە تۆماری گشتی، لەبەرئەوە توێژەران لە ڕێگای سەردانکردنی بەشە زانستیەکان و خوێندکارانی نابینا خۆیانەوە نموونەکەیان وەرگرتووە. ئەو جۆرە لە هەڵبژاردنی نموونەیەی کە لەم توێژینەوەیدا بەکارهاتووە، کە لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە دەگونجێت، بریتیە لە نموونەی مەبەستدار، لە جۆری (نموونەی تۆپەڵە بەفری گلۆرەبووە Snow Ball sample). ئەم جۆرە نموونەیە ڕێگا بە توێژەران دەدەن لە ڕێگای پەیوەندییەکانی خوێندکارانی نابینا خۆیانەوە داتا کۆدەکرێتەوە. ( عمر، معن، 2011، ل241 ) .

ژمارەی گشتی خوێندکارانی نابیان لە زانکۆی سلێمانی بریتین لە(١٤) خوێندکار لە ئاستەکانی بەکالۆریۆس و ماستەر دکتۆرا، لەم توێژینەیدا تەنها (11) خوێندکار وەرگیراون، وەک نمونەی توێژینەوەکە. دوو خوێندکارئامادە نەبوون وەڵامبدەنەوە و دوو خوێندکاریش قۆناغی یەک بوون زانیاریان نەبوو لەسەرچۆنیەتی پرۆسەی خوێندن لەزانکۆ. ئە، خشتەیەی خوارەوە لیستی زانیاری خوێندکارانی نابینایە لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی 2024-2025 .

تێبینی : لەبەرئەوەی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی ناوی خوێندکارانی نابینا وەرنەگیراوە، ئاماژە بە ناویان ناکرێت

| ژ | ناوی کۆلێج | بەش | ئاستی خوێندن |
|---|---|---|---|
| ١ | زانستە مرۆڤایەتیەکان | کۆمەڵناسی | دکتۆرا |
| ٢ | زانستە مرۆڤایەتیەکان | کۆمەڵناسی | ماستەر |
| ٣ | یاسا | یاسای تایبەت | ماستەر |
| ٤ | زانستە ئیسلامیەکان | شەریعة | بەکالۆریۆس- قۆناغی ٤ |
| ٥ | زانستە مرۆڤایەتیەکان | مێژوو | بەکالۆریۆس- قۆناغی٤ |
| ٦ | کۆلێجی زمان | ئینگلیزی | بەکالۆریۆس- قۆناغی ٢ |
| ٧ | کۆلێجی زمان | ئینگلیزی | بەکالۆریۆس- قۆناغی ٣ |
| ٨ | کۆلێجی زمان | ئینگلیزی | بەکالۆریۆس- قۆناغی١ |
| ٩ | کۆلێجی یاسا | یاسا | بەکالۆریۆس- قۆناغی ٤ |
| ١٠ | زانستە مرۆڤایەتیەکان | مێژوو | بەکالۆریۆس- قۆناغی ٣ |
| ١١ | زانستە مرۆڤایەتیەکان | مێژوو | بەکالۆریۆس- قۆناغی ٣ |
| ١٢ | زانستە مرۆڤایەتیەکان | کۆمەڵناسی | بەکالۆریۆس- قۆناغی١ |
| ١٣ | زمان | عرەبی | بەکالۆریۆس- قۆناغی٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤ | یاسا | یاسا | بەکالۆریۆس- قۆناغی٣ |

**8. خستنەڕوو و شیکردنەوەی داتا:**

لەم بەشەدا ئەو زانیارییانە دەخرێنەڕوو کەلەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ خوێندکارانی نابینا کۆکراونوتەوە. هەریەکە لەباسەکانی کە لەناو تەوەرەسەرەکی یەکانەوە پێکەوە بەستراون لەسەر ئاستی ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکراون، لەهەندێك لەتەوەرەکان پرسیارەکانی گرێدراوی یەکترین و دەتوانرێت زانیاری نوێ لەبارەیانەوە بەدەست بێت. تەوەرەسەرەکی یەکان لەم بەشەدا پێکهاتوون لە،تەوەری یەکەم : ئامرازو شێوازەکانی خوێندنی نابینا،تەوەری دووەم: هۆیەکانی ڕێگاو بان و گواستنەوەو هاتوچۆکردن لە زانکۆ، تەوەری سێیەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاری نابینا.

**8.1 تەوەرەی یەکەم: ئامراز و شێوازەکانی خوێندنی نابینا**

پرسیارەکانی تایبەت بەم تەوەریە لەبارەی خوێندنی ئەکادیمی لەزانکۆیە، کە بریتین لەم پرسیارانە **؛یەکەم:** هۆڵەکانی وانە وتنەوە، تایبەتمەندییەکان چین کە لە هۆڵەکاندا بەدی دەکرێن لەڕووی، بەکارهێنانی ئامێری داتاشۆ، چۆن سودوەردەگرن لەو زانیارییانەی لەو ڕێگەیەوە بەدەستدێن؟بەکارهێنانی زمانی جەستە لەلایەن مامۆستیان، ئاماژەی تایبەت بەبابەتی وانەکان بۆخوێندکاری نابینا چۆنە؟ **دووەم**: ناوەڕۆکی بابەتی وانەکان چۆن تایبەت کراوە بەخوێندکاری نابینا؟پێداویستیەکانی تایبەت بە وەرگرتنی زانیاری و بابەتی خوێندن، ئەو جۆرەیان کە خوێندکار پشتی پێ دەبەستێت کامەیە ؟ وانەی ئینگلیزی و ئەو گرفتانەی دێنەرێ ؟ ئایا تاچەند بابەتەکانی خوێندن ڕێگرن لە بەردەم تێگەشتنی تۆدا، بەتایبەتی ئەو وانانەی کە پێویستی بە وێناکردن هەیە " وەک ئەو وانانەی بە زمانی ئینگلیزی دەوترێنەوە" ؟ **سێیەم**: لەکاتی ئەنجام دانی تاقی کردنەوەکان ئەو هۆکارو ئامرازەکانی وەك (کاتی پێویست،نوسەر(کاتب)بۆوەڵام دانەوە، شوێنی تایبەت بەکاتی تاقی کردنەوە،ناوەڕۆکی پرسیارەکان)چۆن خزمەت بەخوێندکارانی نابینا دەکات؟ئەو ئاستەنگانە چین کەدێنە ڕێگە لەو بارەیەوە؟ پرسیار : ئاستەنگاکانی بەردەم ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان چین ؟ لەڕووی کات، شوین ، شێوازی وەلامدانەوە؟ هەروەها ، **چوارەم**: پێشنیازی ئێوە (نابینای تەواو وکەم بینا) وەك خوێندکارێك چی بکرێت لەداهاتوودا بۆ بەرەو پێشبردنی ڕەوشی خوێندنی نابینا لە زانکۆدا؟

خوێندکاران بەگشتی دووشێواز، یان ڕێگە بەکاردەهێنن لە وانەکاندا، ئەوانیش ڕێگەی زارەکی یان تۆمارکردنی زانیارییەکان لەڕێگەی (ئامێری تۆمارکردنی دەنگی)یەوە، کە مۆبایلە. زۆرینەی لێتوێژراون کە ئاماژەیان بۆکردوە، هیچ جۆرە ئامراز و ئامێرێکی تایبەت بەنابینا نیە تاکو پشتی پێببەستن بۆ خوێندنی وانەکانی زانکۆ وەك ئاسانکاری و یارمەتیدەر بۆ کەسانی نابینا و کەم بینا. سەبارەت بەپێداویستییە جیاوازەکانی نابینا، وەك برایل، بیسەری دەنگی، کۆمپیوتەری تایبەت بە نابینا، ئامێری تۆمار کردن گەورەکەری دەنگی لەهۆڵەکان دا نیە. لێتوێژراو (ل-ح) ئاماژەی بەوەکرد کە" لەڕاستیدا قسەکردن لەسەر بابەتی ئامراز و پێداویستیەکان من پێم وایە شایەنی باس کردن نیە لەئێستا، چونکە هیچ ئامرازێك نیە لە بنەڕەتدا تاکو باسی لێوە بکرێت" خوێندکارێکی دیکە کە لەئاستی دکتۆرادا دەخوێنێ، ئاماژەی بۆ هەبوونی قورسایی تێگەشتن و بەکارهێنانی ئامێری تۆمارکدنی دەنگ کرد لەسەر ئاستی بەکالۆریۆسدا، بەڵام لە ئاستی ماستەر و دکتۆردا ئاسانکتر دەتوانن بەکاریبهێنن، چونکە ژمارەی خوێندکاران کەمترە و مامۆستایان تێگەشتنیان باشترە لەگەڵ خوێندکارانی نابینادا. هەرچەندە، هەندێک لە خوێندکاران پێیان وایە کە هەندێك جار جیاوازی هەیە لە سەر ئاستی بەشەکاندا لەزانکۆدا لەو ڕووەوە کە بەکارهێنانی ئامێری تۆمارکەر ڕێگری لێدەکرێت ، بەڵام لەهەندێك بەشی دیکە ڕێگرییەکان لەسەر ئاستی بەشەکە نیە، بەڵکو لەسەر ئاستی مامۆستاکان هەندێکیان خۆیان ڕێگری دەکەن لەبەکارهێنانیدا.

لێتوێژراو (ا-ج)، ئاماژە بەو ڕێگرییە دەکات و دەڵێت: "لەبابەتی ڕیکۆرددا ئێمە کێشەمان زۆرە ،سەرباری زۆری وانەکان و چڕوپڕییان ڕێگە نادرێت ڕیکۆرد بکەین بو وانەکان ئەمە کێشەی سەرەکی منە ."

لەئێستادا، لەبری ئامێری (تۆمارکەر) ، خوێندکاران ئامێری مۆبایل بەکار دەهێنرێت بۆ تۆمار کردنی وانەکان، چونکە خوێندکارە نابیناکان پێیانوایە بەکارهێنانی مۆبایل لەئێستادا ئاسانتر وخێراترە بەبەراورد بە ئامێری (تسجیل)، لەسەردەمی تەکنەلۆژیای پێشکەوتودا مرۆڤ بەردەوام بەدوای ئاسانکاری یەکاندا دەگەڕێت. بەڵام، بەگشتی بەکارهێنانی ئامێری مۆبایل لەناو هۆڵی وانە خوێندن ڕێگە پێنەدراوە، بەم پاساوە هەندێك لەمامۆستایان ڕێگری دەکەن. ئەمەش وەك لەلای زۆربەی لێتوێژراوان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ڕێگەپێنەدانە فشاری دەروونی بەدوایخۆیدا دەهێنێت بۆ خوێندکارە نابینا و کەمبیناکان، چونکە ئەوان ڕاستەوخۆ ناچار بەوە دەبن لە وەرگرتنی بابەتی وانەکان پشت بە هاوڕێ و کەسی تر ببەستن. سەبارەت بە بەکارهێنان و پەیڕەوکردن لە ڕێگەی برایل یەکێك لە لێتوێژراوان (ب-ڕ) پێیوایە کەڕێگەی برایل بۆ ئەو گونجاو نیە و دەڵێت" لەبەر ئەوەی لەتەمەنی هەشت ساڵییەوە نابینا بوم بۆیە لە قۆناغەکانی پێش زانکۆ بە و ڕێگایە نەمخوێندوە و نایزانم بەکاری بهێنم بۆیە ئەگەر هەشبێت من بەکاری ناهێنم ." ئەم خاڵە، دەکرێت جیاوازی نێوان خوێندکارانی نابینا بێت لە کوردستان و بەشێک لە جیهاندا، کە خوێندن بە ڕێگەی برایک ، باو نیە و خوێندکاران تەنها لە ڕێگەی بیستنەوە وانەکان وەردەگرن.

هەروەها، یەکێك لەشێوازە باوەکان کە لەزانکۆ پەیڕەوییان لێدەکرێت بۆ وانەکان، وەك لێتوێژراوی (ل-ح) دەڵێت "لەئێستادا شێوازی بەکارهێنانی (کتێب، مەلزەمە، سلایدەکان) هەن پێمان دەدرێت، کە ئەم شێوازانە گونجاو نین بۆ ئێمە کە کێشەی چاومان هەیە ."، لەبەر ئەوەی ژمارەی خوێندکارانی نابیان کەم بەگشتی، مامۆستایان تایبەتمەندی خوێندکارانی نابینا ڕەچاو ناکەن، وەک خوێندکارانی تر لەو ڕووەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. تەنانەت پەیوەست بە پێشاندانی وانەکان بە سلاید شۆ، خوێندکارانی نابینا ناتوانن سود لەو زانیارییانە وەربگرن کە لەو ڕێگەیەوە بەدەستدێت. لێتوێژراو(ب-م) خوێندکارێکی کەم بینایە، دەڵێت" بەکارهێنانی داتاشۆ کێشەی بۆمن دروست کردوە چونکە هەندێك لە مامۆستاکان پێیان وایە کەمن کەمێك دەبینم بۆیە وەك پێویست ئاماژە بەو بابەتانە ناکەن کە لەداتاشۆکەدا هەیە ."لێتوێژراو (ك-ڕ) وەك خوێندکارێکی کەم بینا ئاماژە بەوە دەدات کە سود لە بەکار هێنانی داتاشۆ وەرناگرێت دەبێتە هۆی ئازاردان و ماندوکردنی چاوەکانی، پێیوایە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو ئامێرەدا سەماعەی دەنگی پێویستە تاکو تەواوی نوسراوەکانی سەر داتاشۆکە بگوازێتەوە بۆ گوێی کەسی نابینا. بەڵام لێتوێژراو(ج-م)پێی وایە کە بەکارهێنانی داتاشۆ زۆر کێشە نیە بەڵکو ئەوە بەپێی سروشتی بەشەکان و ئەو بابەتانەی لێیانەوە ئاراستەی خوێندکار دەکرێت دەگۆرێت،کە دەلێت"هەمو مامۆستاکان لە بەشی ئێمە داتاشۆ بەکار دەهێنن بەڵام زۆر کێشە نیە چونکە بابەتەکانمان بەپێی بەشەکەمان (بەشی زمان) کەمتر فکرین و پێویستیان بە ڕونکردنەوە کەمتر هەیە، دواتر مامۆستاکان ئەو زانیارییانەی لەوێدا ئامادەی دەکەن بەشێوەی نوسراو پێمانی دەدەن ."بۆ خوێندکارانی نابینا یان کەم بینا، گرنگە تایبەتمەندی بەشەکان لەبەر چاو بگیرێن و ئەو بابەتانەی ئامادە دەکرێت خوێندکار لە بەردەستی دا بێت بەنوسراوی هەتا ئەوەی لەلایەن هاوڕێ یان کەسێکەوە بۆیان تۆمار بکرێت و ئەوانیش بتوانن دووبارە لە کاتی تاقی کردنەوەکان و هەر کاتێك کە بیانەوێت گوێی لێبگرنەوە.

سەرجەم لێتوێژراوان ئاماژەیان بۆ نەبونی پێداویستییە تایبەتییەکانیان کرد بۆخوێندنیان لەزانکۆ پێینوایە وەك خاوەنپێداویستی یەکی تایبەت پێداویستییەکانیان لەبەر چاو نەگیراوە، کە پەیوەندی کەمی ڕێژەی خوێندکارانی نابیناوە هەیە لە زانکۆکان بەگشتی و زانکۆی سلێمانیش بەتایبەت بۆیە کەمتر جێی بایەخ پێدانن وپێداویستی یەکانیان وەك پێویست بۆ دابین ناکرێت. سەرباری کەمی ڕێژەکەشیان گرنگە کە جێی گرنگی و بایەخ پێدان بن، یەکێك لە لێتوێژراوان (ڕ-م) دەڵێت "خوێندکارە چاو ساغەکان چۆن دەخوێنن ئێمەش بەهەمان پێداویستی و شێوازی ئەوان دەخوێنین ."

بەشێوەیەکی گشتی، لەزانکۆ هیچ جۆرە پێداویستی یەکی دیاری کراو نیە تاکو خوێندکارە نابینا و کەم بیناکان سود مەند بن لێی، بەڵکو تەنها پشت دەبەستن بە ئامێری تۆمار کردنی دەنگی کە ئەوەش لەئێستادا گۆڕاوە بۆ ئامێری (مۆبایل) وەك جێگرەوەیەك ، ئەوئامێر و ئامرازانەی کە بەکاردێن وەك داتاشۆکان گونجاو نین لەگەڵ پێداویستی یەکانی خوێندکارانی نابینا، شێوازێکی گشتی لەڕێگەی وانەوتنەوە جێبەجێ دەکرێت نەك تایبەتی.

هەندێك لە خوێندکارەکانی تر ئاماژە دەدەن بە بوونی کێشەی زۆر لە وانەی ئینگلیزیدا بەو پێیەی تایبەتمەندی ئەم وانەیە بەجۆرێکە پێویستی بە ناسینەوەی پیتەکان هەیە و تەواو پێویستی بە بینینە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەم وانەیە بەشێواز و ڕێگەی برایل بەکار بهێنرێت بۆ خوێندنی ئەم وانەیە هیچ دروست ناکات بۆ خوێندکارە نابیناکان. پێیان وایە کە زۆر زۆر گرنگە گەر تەنها بۆ وانەی ئینگلیزیش بێت پێویستە ڕەچاوی بەکارهێنانی ئەو ڕێگەیە (برایل) بکرێت لەناو سیستەمی خوێندن کاری پێ بکرێ، گرفتی وانەی ئینگلیزی بە جۆرێك لە جۆرەکان لەناو ئەو خاڵەدایە کە بریتی یە لە پەیڕەو کردن لە ڕێگەی (برایل) لەناو سیستەمی زانکۆدا بێگومان ئەمە کەسانی شارەزا لە مامۆستایان و ئەوانەی کە وانەکان دەڵێنەوە پێویستە. ئەمە لە کاتێکدا لەلای یەکێك لە لێتوێژراوان کە لە بەشی زمانی ئینگلیزی یە بەپێچەوانەوە ئەوە پێی وایە وانەی ئینگلیزی بەهیچ جۆرێك کێشە نیە لەبەر ئەوەی کە ئەو بەشەی لێی دەخوێنێت یارمەتیدەرە بۆ نەبونی کێشەی زمانی ئینگلیزی و ناسینەوەی پیت وتەنانەت ئەو بابەتانەش کە لە پلانی کۆرسەکاندا هەن جارێکی تر لە خزمەتی دەوڵەمەند کردنی زمان وگرنگی دانن بە زمانەوانی ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ بەرەو پێش بردنی تواناو ئاستی خوێندکاری نابینا،ئەگەر لە پێشتریشدا کێشەی ناسینەوەی پیتەکانی هەبێت ئەوا بەبێ بەکارهێنانی ڕێگەی برایل وردە وردە بەپێی قۆناغەکان ڕادێت لەسەر بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی و ووشەسازی و ڕستەسازی وەك لە پێشنیازێکی دا ئاماژەی بۆ کردووە کە (واباشترە کەسانی نابینا هەوڵ بدەن لە بەشکانی زمان وەربگیرێن باشترە بەتایبەت زمانی ئینگلیزی زۆر ئاسانکاری ترە بۆ کەسانی نابینا بەراورد بە بەشەکانی تر کە سەرباری هەر گرفتێك کە خوێندکارە نابیناکان خۆیان هەیانە بەڵام لە هەندێك کێشەی تر بە دووردەبن) .

سەبارەت بە بابەتی هەندێك لە وانەکان ، یەکێك لە لێتوێژراوان پێی وایە سەرباری نەبونی زانیاری ئەکادیمی لەسەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەندێك جار ناوەرۆکی بابەتی وانەکان بە ئاراستەیەکی نەرێنی لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی ئەوان لەسەر خۆیان لەلای ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەت نین وەك لەلای لێتوێژراو (أ-ج) لە بەشی یاسا باس لەو دۆخە دەکات کە (( لە یەکێك لە وانەکانمان (تشريع المالی) دا باس لەوە دەکرێکە خاوەن پێداویستی تایبەت چۆن بونەتە بارگرانی بەسەر حکومەتەوە کە دەبێت موچەیان بۆ دابین بکات بەڵام بەبێ ئەوەی ئەوان کار بکەن)).

لێرەوە بەگشتی ئەتوانین بڵێین ئەو بابەتانەی دەچنە پلانی کۆرسەکانەوە دەبنە ناوەرۆك و زانیاری بۆ خوێندکارەکان ساڵانە لە زانکۆدا، خوێندکارە نابیناکانی لەبەر چاو نەگرتووە هەروەها نەتوانراوە بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ئەو بابەتانە بکرێنە بەرنامەی خوێندنی هەر یەکێك لە قۆناغەکانی زانکۆ تاکو خوێندکارانی نابینا بتوانن ئەو زانیارییانەی کە هەیە کە لە بارەی خۆیانەو بەدەست بهێنن، هەروەها ناوەرۆکی وانەکان بەجۆرێکن کە تێگەیشتن لێیان بۆ کەسانی نابینا قورسترە بەتایبەت وانەی ئینگلیزی کە کێشەی زۆرینەی خوێندکارە نابیناکانە ، ئاسان کاری و ڕونی لە بابەتی وانەکاندا نیە چونکە کاریگەری زۆری لەسەر لایەنی دەروونی لێتوێژراوان بەجێ دەهێڵێت.

سەبارەت بە وانەی ئینگلیزی و ئەو کێشانەی لێی دەکەوێتەوە بەپێی بەشەکانی خوێندنی زانکۆ دەگۆڕێ هەندێك لە بەشەکان وانەی ئینگلیزی قورسە و کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە، لە بەشێکی تر نەك قورسە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاسانکاریشە بۆ خوێندکاری نابینا وەك بەشی زمانی

ئینگلیزی کە زیاتر گرنگی دەدرێ بە لایەنی زمانەوانی و ڕستە سازی و مانایی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی نەك لایەنی فکری و ئەدەبی کە ئەمە بۆ خوێندکارە نابیناکان ئاستەنگی زیاترە.

### 8.2 .تەوەرەی دووەم : گرفتی هاتوچۆ و بینای زانکۆ

لەم تەوەرەدا بە گشتی ئەم پرسیارانە کراون لە خوێندکاران، **یەکەم**: لەکاتی هاتنی ئێوە بۆ زانکۆ و چوون بۆ بەشە جیاوازەکان،چۆن خوێندکاری نابینا ئەگوازرێتەوە (ئامرازەکانی هاتوچۆ کردن)،ئەوە لەکاتێکدا خوێندکارە چاو ساغەکان ئەو خزمەت گوزاری یەیان پێشکەش دەکرێت؟ **دووەم**: بینای زانکۆ چۆن تایبەتمەندی نابینایی لەبەر چاوگرتووەبۆڕێگای هاتووچۆکردن،بەگوێرەی تەمەنی نابینایی بوون ،خوێندکار چۆن ئەتوانێت سوود لەوە وەربگرێ کە لە پێشتردا ئەگە توانیویەتی ببینێت؟سەرەڕای نەبوونی ئامێری دەنگی ئاگادار کردنەوەی تایبەت بەڕێنمایی پێدانی هاتن و چوون وەك ڕێگا نیشاندەر بۆ نابینایان؟ **سێیەم**: شوێنە تایبەتی یەکان وەك ژووری دەست شوشتن، هۆڵەکانی کتێب خوێندنەوە،لەزانکۆدا دابین کراون ،چۆن خوێندکار سودیان لێ وەر دەگرێت؟ بەشە ناوخۆیی یەکان لەزانکۆ،وەك بەشێك لە زانکۆ کە خوێندکاری نابینا دەتوانێت سود مەند بێت لێی، چۆن پێداویستی یەکانی تایبەت بە نابینا دابین کراوە و دەتوانێت خزمەت بەو توێژە بکات؟ پێشنیازەکانی خوێندکاری نابینا لەهەر یەکە لەو ڕوانەوە چی یە؟

هەرچەندە، زانکۆی سلێمانی، کەمپی قلیاسان، باڵەخانەکانی نوێن، بەڵام ڕووبەری زانکۆ زۆر فراوانە، گرفتی هاتوچۆی بۆ خوێندکارانی نابینا دروستکردووە. یەکێک لە لێتوێژراوان دەڵێت " شۆستەی تایبەتمان نییە، کە دەبنە هۆی ڕێگرییەکی زۆر بۆ ئێمە، تەنانەت شۆفێرەکان ئۆتۆمبیلەکانیان لەسەر شۆستەکان دادەنێن و ڕێگای ڕۆشتنی ئێمە نادەن. هەروەها لەناو زانکۆدا هەبوونی قادرمەی زۆر و قەرەباڵغی ڕێگری زۆر درووست بووە". لای خوێندکارێکی تر، هاتنەژوورەی ئۆتۆمبێل هاوەڵ کێشەداربووە، پێی وایە کە" هەندێک جار ڕێگە بە هاتنە ژورەوەی تاکسی نادرێت بۆ ناوزانکۆ بۆیە ئێمەی نابینایان ئەبێت تەکلیف بکەین بە تایبەت نەک نوسراویکی فەرمی وجێگیر کە پێبیچینە ژورەوە بۆ ناو زانکۆ". خوێندکار (ش.ع) ئاماژە بە قورسایی هاتوچۆدەکات بۆ نابینایان، دەڵێت" زۆرکات ویستوومە بە پیاسەکردن بەناو زانکۆدا بڕۆم، بەڵام زانکۆ پڕە لە (سەگی بەرەڵا)، کە ڕێگرییەکی گەورەی بۆ درووستکردووین. هەندێک هۆکاری تری وەکوو قەرەباڵغی، هاتووچۆی سەیارەکان). بەگشتی دەکرێت ئەم خاڵانە، بۆ خوێندکاران بە گشتی جێگای سەرنج بن، بەڵام بۆ خوێندکارانی نابینا گرفتە و ڕێگری دروست دەکات.

یەکێکی تر لە خاڵەکان؛ هەندێکجار وانەکان لە هۆڵەکانی قاتەکانی سێ و چواری باڵەخانەکانی زانکۆ دەخوێنرێت، لە کاتی نەبوونی ئاسانسواردا کێشە بۆ خوێندکاران دروستدەکات. ئاسانسوارەکان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ خوێندکاران، بەڵام لە زۆربەی بەشەکاندا کار ناکەن، یان نیشاندەری دەنگی نیە. تەنانەت خوێندکارانی نابینا شوێنی تایبەت بە دەستشۆریان نیە، لەبەرئەوە شوێنە گشتیەکان بەکاردەهێنن لە ڕێگەی یارمەتیدانی هاوڕێکانیانەوە. لەبەرئەوەی لە ناو بەشەکانی زانکۆ ئامرازێکی ڕێنیشاندەر بۆ نابینایان نیە، بۆ نموونە چوون بۆ دەستشۆررەکان ئەبێت کەسێک ڕێنیشاندەر بێت. هەندێک جار، وەک لێتوێژراوێک باس دەکات " هاوڕێکانمان بەناچاری لەبەر هاوکاری بۆ من بێتە دەرەوەی وانەکان و لەگەڵمان دەبن، ئەمە بارودۆخێکی دەروونی وشەرم بۆ ئێمەی نابینا درووست دەکات ، پێشنیار ئامێری ڕێنیشاندەر دابین بکرێت بۆ نابینایان لەناو زانکۆ". بەڵام، لە ناو هۆڵەکانی وانە خوێندندا، گەورەکەری دەنگی لە هۆڵەکان دابین کراوە بەگشتی نەک بۆ نابینایان لەگەڵ داتا شۆوەکاندا، خوێندکارانی نابینا سوود لەو بابەتانە وەردەگرن کە بەدەنگ نمایش دەکرێن.

•تایبەت بە هۆڵەکانی کتێبخانە، هیچ تایبەتمەندی نابینایانی تێدا لەبەرچاو نەگیراوە لەڕوی کتێب وسەرچاوەکان بۆ نابینایان پێویستمان بەکتێبی دەنگی یان ڕێنوسی برایڵ هەیە ئەمەش لە زانکۆدا نیە. خوێندکارێکی نابینا پێشناری ئەوەدەکات کە " ئەوکەسانەی ماستەر و دکتۆرا ئەنوسن

با بکرێتە یاسایەک توێژینەوەکانیان بە دەنگیش لە کتێبخانەی بەشەکان تۆمار بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش سودی لێببینین". هەبوونی کتێبی دەنگی، لە ئێستادا گرنگی پێدەدرێت، دەکرێت کتێبخانەی زانکۆ بەشێک بۆ ئەم کتێبانە تەرخانبکات. سەبارەت بە پێداویستەکانی خوێندکارانی نابینا، کە زانکۆ دەتوانێن دابینی بکات، لێتوێژراو (ڕ، ا) ئاماژە بە پێنوسی دەنگی دەکات بۆ کەسانی نابینا تا سود لە سەرجەم کتێبەکان وەربگیرێت، یان کۆمپیوتەرێک دابین بکرێت بۆ ئەم مەبەستە بە سیستمێکی تایبەت بە زانکۆ.

لەگەڵ بوونی هەندێک ئاسانکاری لە زانکۆدا، بە تایبەت بوونی پاسی گواستنەوە لەناو کەمپەدا و ئاسانسۆر لە هەندێک لە کۆلێژەکاندا، بەڵام پێداویستی خوێندکارانی نابینا زیاترە، بەشێکی پەیوەندی بە ئامراز و ئاسانکاری لە باڵەخانەکانەوە هەیە، بەڵام بەشێکی پەیوەندی بە هۆشیاری و مامەڵەی خوێندکاران و مامۆستایانەوە هەیە. لەم ڕووەوە، لێتوێژراو ( ش،ع) پێشنیاز دەکات کە: هۆشیاری بە خوێندکار و مامۆستاکان بخرێتە ڕوو، لە بەرامبەر نابینایاندا، واتە زانکۆکان دەتوانن هەم هۆشیارکردنەوەی گشتی بخەنە ڕوو، هەروەها وانەی تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانیش پێشکەش بکات، هەروەها ئێمە ئەوەندەی پێویستمان بە یارمەتی و ڕێزگرتنە، هێندە پێویستمان بە بەزەیی نییە".

### 8.3 .تەوەرەی سێیەم : پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی خوێندکارانی نابینا

پرسیارەکانی تایبەت بەم تەوەرەیە پەیوەندی هەیە بە دۆخی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی خوێندکارانی نابینا لە زاکۆی سلێمانیدا، **یەکەم**: لەساڵەکانی یەکەمی خوێندن هەتا قۆناغەکانی تریش،چۆن نابینا و کەم بینا ئەتوانن پەیوەندیی هاوڕێیەتی دروست بکەن ؟تەمەنی نابینایی بوون چۆن کاریگەری دادەنێت ،ئاستەنگەکانی چین کە دێنە ڕێگە لەو ڕووەوە؟هاوڕێ چۆن ئەتوانێت یارمەتی دەربێت لە سەرجەم ڕووەکانەوە؟ **دووەم**: پەیوەندی لەگەڵ مامۆستایان ،بۆ هەر دوو ڕەگەز،چۆن هەوڵ دەدرێت ئەو پەیوەندی یەبە هاوسەنگی بهێڵرێتەوە لەلایەن خوێندکارو مامۆستاکان وەگرنگی دانی مامۆستا بە تایبەتمەندیو پێویستی بوونی خوێندکارە نابیناکان،گرفتەکان لەم بارەوە چین؟ سێیەم: لەڕوی بەسەربردنی کاتی خۆش و بەتاڵ، هەریەکەلە نابینایان و کەم بیناکانیش چۆن وەك هەر کەسێکی چاو ساغ ئەتوانن ئەو کاتانە خۆخەریك بکەن بەو شتانەی کە ئارەزویان دەکەن ؟ جیاوازی کوڕان وکچان لەوڕووەوە چۆنە؟ چالاکییەکانی وەك سمینار و بۆنەکان خوێندکار چۆن بەشدار دەبێت ؟ **چوارەم**: لەکاتی هەست کردن بە کێشەیەك پەنا بۆ چ شوێنێك دەبرێت لە چارەسەر کردنیان،ئایا پسپۆڕی بواری دەروونی یان کۆمەڵایەتی هەیە لەزانکۆ ؟ئەگەر نیە خوێندکار چی دەکات لەو بارەیەوە؟ **پێنجەم**: گرفتی سەرەکی لە پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یە کاندا کەدێنە ڕێ بۆ خوێندکاری نابینا چین؟ ئێوە پێشنیاز دەکەن چی بکرێت تاکو بەدورر بن لەو گرفتانە؟

بەشداربووان لەم تەوەرەدا، باس لە ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن لە زانکۆدا، لە پەیوەندیان لەگەڵ هاوڕێکانیان و مامۆستا و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان. لای لێتوێژراو ( ف. ا) گرفتی سەرەکی لای خوێندکارانی نابینا بریتیە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ ئەوانی تر، چونکە، وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات "کەسەکانی دەوروبەر ناتوانن وەک پێویست هاوکار بن بەڕێژەیەکی بەرچاو، ئەمەش بارودۆخێکی دەروونی ناجێگیر وهەستکردن بە ناجێگیری و پەککەوتنی کاروبارەکانمان لە زانکۆ دروست دەکات". هەرچەندە، بەشێکی زۆر لە لێتوێژراوان، ئاماژە بە هاوکاری و پشتگیری خوێندکارانی هاوڕێیان دەکەن، کە پاڵپشتی مەعنەوی و دەروونی دروست دەکات بۆیان، لەکاتی پیاسەکردن و بەسەربردنی کاتی زیادە. بەڵام، مامۆستایان هەمان تێگەشتنیان نیە کە خوێندکاران هەیانە. ئەم تێبینە لای زۆربەی لێتوێژراوان دووبارە بووەتەوە، پێیان وایە کە مامۆستایان ڕۆڵێکی بەرچاویان نیە لە بوونیادی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا. "هەندێک جار، بە چاوی بەزەیی سەیر دەکرێین" وەک لێتوێژراوێک ئاماژەی پێدەکات. خوێندکار ( ب، ا) دەڵێت "مامۆستایانی زانکۆ زۆر کەمتەرخەمن لەم لایەنەوە لەڕووی پەیوەندیمان لە ناو کلاس و دوای کلاسیش خۆیان لێمان بەدوور دەگرن وا لە ئێمە دەکەن هەست بە وە بکەین توێژێکی پەراوێزی کۆمەڵگاین ،تەنانەت من ڕووبەڕووی سوکایەتی پێکردن بومەتەوە لەلایەن مامۆستای زانکۆوە، تەنانەت گرنگی پێویستمان پێ نادەن بۆ پێدانی زانیاری و

هەست بەوە دەکەم کە جیاوازی زۆرمان دەکەن لەگەڵ خوێندکاری ئاسایی، ئەمەش وادەکات توانا وبیری داهینەرانەی ئێمە بکوژێت". لەم خاڵەدا، ڕای جیاوازیش هەیە، هەندێک لە لێتوێژراوان، بە تایبەتی خوێندکارانی خوێندنی باڵا، ئاماژە بە هاوکاری و گرنگیپێدانی مامۆستایان دەکەن. هەروەها، خوێندکار ( ڕ، س) ئاماژە بە گرفتی نوسین و توێژینەوە دەکات ، دەڵێت" لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی نابینایی لەلایەن مامۆستایانەوە دیارە، مامۆستایان لە پێدانی ئەرکی سمینار و ڕاپۆرت ونوسینی توێژینەوەشدا گرفت بۆ ئێمە دێننە پێش بەوەی تایبەتمەندی نابیناییمان لەبەرچاو ناگرن کە ئێمەی نابینا بە ئاستەم سەرچاوە بەدەست دەخەین"

جێگای سەرنجە کە لێتوێژراو ( ف. ا) ئاماژە بە نەبوونی هۆشیاری لە مامەڵکردن دەکات لەگەڵ خوێندکاری نابینادا، و دەڵێت" مامۆستایان وەک پێویست یارمەتیدەر نین لە هەندێک باردا ،من ئەمە ئەگێرمەوە بۆ ئەوەی هیچ بەرچاوڕوونی وزانیاری پێویستیان نیە لەسەر نابینا وچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان لەڕووی وانەکان وفێرکردن وگەیاندنی زانیاری وچۆنیەتی مامەڵەکردن بەگشتی لەگەڵ خوێندکاری نابینا لە زانکۆ، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار ئەکەم لە ڕێگەی کۆرس و دەوراتی تایبەت بەم بابەتە زانکۆی سلێمانی هۆشیاری زیاتر بداتە مامۆستیان".

یەکێکی تر ، لەو خاڵە گرنگانەی کە لە پەیوەست بە لایەنی کۆمەڵایەتی خوێندکاری نابیناوە ئاماژەی پێکرا لە لایەن خوێندکارانەوە، بریتیە لە نەبوونی خزمەتگوزاری لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خوێندکاری نابینا. خوێندکار (ش.ع) ئاماژە بە گرنگی ئەو خزمەتگوزاریانە دەکات، دەڵێت" دەکرا ڕاوێژکاری تایبەتیان هەبوایە بۆ زیاتر یارمەتی دانیان لە بوارە جیاوازەکانەوە، کە زۆر کاری گرنگیان پێ دەکرا بۆ یارمەتیدانی نابینایان. بۆ نموونە دەتوانرا هەڵمەتی بەدەنگیکردنی زۆرێک لە زانیاری و مەعریفەکان، کە لەوانەیە زۆرێک لە خوێندکارانی بەهەڵوێست بیانویستایە یارمەتی ئێمەی پێبەن بەڵام هیچ کەس و لایەنێک نییە ئەم بابەتە بکات بە هۆشیارییەکی گشتی". گرفتی فشاری دەروونی لای خوێندکارانی نابینا، لای زۆربەی لێتوێژراوان ئاماژەی پێدراوە، زۆرینەیان هەبوونی هاوڕێ و مامەڵەی هاوڕێیانە بە گرنگ دەزانن لە کەمکردنەوەی ئەم فشارانەدا. مامەڵەکردنی دروستی مامۆستایان و بەشە زانستیەکان لەگەڵ تایبەتمەندی خوێندکارانی نابینادا، یارمەتیدەر دەبن لە کەمکردنەوی فشاری دەروونی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و یارمەتیان دەدات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خوێندن لە زانکۆدا.

**9. سەرئەنجام:**

1. زانکۆی سلێمانی لەسەر هەرسێ ئاستی بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا خوێندکارنی نابینا یان کەم بینایی هەیە.
2. لەگەڵ ئەوەی خوێندکاران نووسەریان بۆ دابیندەکرێت لە بەشە زانستەکان لە کاتی تاقیکردنەوەدا، بەڵام گرفتی کات و گەیاندنی زانیارییەکانیان دەبێت.
3. هۆڵەکانی خوێندن لە زانکۆدا، سیستەمی دەنگی گونجاوی تایبەت بە خوێندکارانی نابینا نیە، کە وا دەکات خوێندکاران ئامێر و ئامرازی دەنگ تۆمارکردنی کەسی بەکاربهێنن.
4. خوێندکارانی نابینا لە ڕێگای مۆبایلەوە وانەکان تۆمار دەکەن، خوێندکارانی کەم بینا سوود لە کلاسڕوومەکان وەردەگرن.
5. بەگشتی زانکۆی سلێمانی گرفتی هاتوچۆی خوێندکارانی نابینای هەیە، هەرچەند پاسی هاتوچۆ دابینکراوە.
6. خوێندکارانی نابینا پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ هاوپۆلەکانیان گرنگ دەزانن، یارمەتیدەر بۆ کەمکردنەوەی فساری دەروونیان.
7. مامۆستایانی زانکۆ لە ئاستی پێویستدا نین سەبارەت بە مامەڵەی دروست لەگەڵ خوێندکارانی نابینادا، هەروەها تایبەتمەندی خوێندکاران کەمتر ڕەچاو دەکرێت کە ئەرکی وانەکان و تاقیکردنەوەکاندا.

8. پێداویستەکانی زانکۆ لە ڕووی کتێبخانە، کافتریا و دەستشۆرەکانەوە ئاسانکاری لە ڕینیشاندەری دەنگی بۆ خوێندکارانی نابینا نەکراوە لە زانکۆ سلێمانیدا.

10. پێسنیاز و ڕاسپاردە:

1. نابینایان بەهۆی حاڵەتە تایبەتەکەیان ببەخشرێن لە بابەتەکانی وەکو ئامار، کۆمپیوتەر و ئەو وانانەی کە تەنها پشت بە هەستی بینین دەبەستن.
2. لەڕووی دابینکردنی ئامرازی هاتوچۆ، بە نوسراوی فەرمی نابینایان ڕێگەپێدراوبن لە هێنانەژوورەوەی تەکسی هاتوچۆ بۆ ناو زانکۆ.
3. پێویستە خوێندکاری نابینا کاتی زیاتریان پێبدرێت لەکاتی هاتنیان بۆ زانکۆ و بۆ وانەکانیان، ڕەچاوی دواکەوتنیان بکرێت.
4. کاتی زیاتریان هەبێت لەکاتی تاقیکردنەوە، بۆ کەمکردنەوەی ناجێگیری دەروونی و دڵەڕاوکێ. ئەم پێداویستیانە بکرێنە نوسراوی ڕەسمی و جێگیر بکرێن، بۆ هەموو خوێندکارێک لە هەر ئاستێکی خوێندندا بێت.
5. خوێندکارانی نابینا ببەخشرێن لە هەندێک ئەرک و چالاکی کە لە توانابیدا نەبێت، یاخود شێوازی چالاکییەکە بگوڕدرێت.
6. پێویستە خوێندکاری نابینا ناویان بە لیستی تایبەت تۆمار بکرێت لە تۆماری زانکۆ و زانیاری تەواویان هەبێت ( تۆمارکردنی باری تەندروستی جەستەیی خوێندکار و پۆلێنکردنیان) لە سەر ئاستی زانکۆ و کۆلێژ و بەشەکان.
7. سەرنجدانە توانای خوێندکاری نابینا و یارمەتیدان لە بەرەوپێشچوونی، بە هاوکاریکردنی لە وانەکاندا، باشترین ڕێگا بریتیە لە تۆمارکردنی سەرجەم وانەکان لەلایەن مامۆستای تایبەتی وانەکان بەڕەچاوکردنی شێوازی تایبەت لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی وانەکان بۆ کەمبینا، نابینا و خوێنکاری ئاسایی، وە بەردەستبوونی لە کلاس ڕوم' بەهەمان شێوەی خوێندنی ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢٢ لە دۆخی کۆرۆنادا.
8. دابینکردنی نوسەر هاوڕێ لەگەڵ جێگای تایبەت بە تاقیکردنەوەکان، بۆ خوێندکاری نابینا ، کەمبینا لە کاتی پێویستیدا. یاخود لەبری نووسین، بە تۆماری دەنگی وەڵامی تاقیکردنەوەکان لە خوێندکاران وەربگیرێت.
9. کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ مامۆستا و کارمەندانی زانکۆ بۆ مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ خاوەنپێداویستی تایبەت بە گشتی و نابینایان بە تایبەتی.

11. سەرچاوەکان

1. أ.د/ عادل عبدالله محمد , العاقات الحسية , دار الرشاد للنشر و التوزيع , ط1, 2004.
2. د. ابراهيم عبدالله فرج الزريقات، الاعاقة البصريه (المفاهيم الاساسية والاعتبارات التربوية)، دار المسيره للنشر والتوزيع، عمان – الاردن، ط1، 2006.
3. ماجدة السيد عبيد، المبصرون باذانهم الاعاقة البصرية،دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٧
4. ا.د.فاروق الروسان، سيكولوجة الاطفال غير العاديين، ط2،دار الفكر،عمان،1996.
5. أ.د. جمال الخطيب، التربية الخاصة المعاصرة، قضايا وتوجهات، دار وائل للنشر، عمان – الاردن، ط1، 2008.
6. اميرة سليمان الشامى، العلاقة بين طب العيون والعدسات الطبية، من منشورات المعهد الفنى البصرى، مصر، 2010.
7. پ.د . معن خليل عمر , ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا , و/ زیرەك احمد رحمن , دەزگای توێژینەوەو بڵاو کردنەوەی موکریانی, چاپی یەکەم , 2011 .
8. د. تيسير مفلح كوافحه , أ. عمر فواز عبدالعزيز , مقدمه فى تربيه الخاصه , دار المسيره , الطبعه الاولى , السنه 2003 .
9. د. سابیر بۆکانی , میتۆدی توێژینەوەی زانستی, خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا, سلیمانی , 2016 .
10. د. کریم شریف قەرەچەتانی, سایکۆلۆژیای مناڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت, چاپخانەی پیرەمێرد, سلیمانی, ساڵی 2016.
11. د. مصطفى نورى القمش، د. خليل عبدالرحمن المعايطه، سيكولوجيه الاطفال ذوى الاحتياجات الخاصة (مقدمة فى التربيه الخاصه)، دار المسيره للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.ط1، 2007..
12. د.نبية ابراهيم اسماعيل، سيكولوجية ذوى الاحتياجات الخاصة، مكتبة الانجلو المصرية،2006.
13. رەمەزان حمەدەمین قادر, ڕێگاکانی وانە ووتنەوە(شێوازە تیرۆی و پراکتیکیەکان), چاپی دووەم سلیمانی، 2018 .
14. Bryman, A. (2012). Social Research Methods. Oxford: Oxford University Press.
15. Man, D., & Olchawa, R. (2018). The possibilities of using BCI technology in biomedical engineering. In Advances in intelligent systems and computing (pp. 30–37). https://doi.org/10.1007/978-3-319-75025-5_4